# ئەمن دوعایەکی  دەکەم ئەنگۆ برێن ئامین

ئەورۆ نامەی تاوانبار بارزان تکریتی  دیکتاتۆر و مرۆڤ کوژ لە ئیلاف بڵاو کراوەتەوە...هەتا کەس بەدزم دەرنەینی تکایە بڕۆن لۆخۆتان بخوێننەوە ، بزانن چەند زەلیلە وچەند ترسنۆک و فسفس پاڵەوانە ، هێشتا دارەکی لێنەدرایە و ئەشکەنجەی نەخواردیە ئاوا دەپاڕێتەوە ... خوی کردوە بە کوڕە مامی ئیمامی عەلی و لە ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیران و برادەری جەلال تاڵەبانی سەرۆکی عێراق و وەکو سەرۆک ناوی هێناوە کوری شێخ زایدە و داوا لە کوڕەکانی دەکا بەهانای بێن و بە گۆڕی ئەو پاشافەهدەی سعودیا سوێند دەخوا و داوا لەبرادەری مەلیک عەبدواللە دەکا کارەکی لۆ بکات و ئازادی بکات داوا  لە فلان و فلان و فیسا رو فیسار...هتد دەکات، پاشان هاواری ئەمریکاوبەریتانیاش دەکا  بەناوی ئینسانیەت لێیان دەپاڕێتەوە هەتا رزگاری بکەن چونکە نەخۆشی شێرپەنجەی گرتووە و دەترسێ زوو بمری...پیاوی ترسنۆک هەموو رۆژ دەمری...پیاوی ئازا یەک جار...... سەدان ، هەزاران ، سەدانهەزار تێکۆشەر لەکات و سەردەمی  ئەو جەلاد و مرۆڤکوژە لەژێر ئەشکەنجە و لە زیندانی ئەو فسفسپاڵەوانە{ کە برازاکەی کچی دیکتاتۆر و مێردخائین{ رەغدی صەدام} بە ئەسەدی لەقەڵەم دەدان} سەربەرزانە چوونە ژێر پەتی سێدارە و سروودی نیشتمانی و نەتەوەییان دەچڕی و لە ژێر ئەشکەنجە گیانیان فیدای گەل ونیشتمان کرد یەک ووشەیان نەدرکاند و چاو و پەنجە و لاق و گوێ و ددان و...هتد دەرهێنران و نیشانەیان پێوە دەکرا نهێنی حیزبیان ئاشکرا نەدەکرد و سەربەرزانە لە زینداند ئازاد دەکران...ئەمانە هەمووی لەسەر دەستی جەلاد بارزان تکریتی دەکرا و ئەو کاتەی بەرێوەبەری پیسترین و بۆگەنترین دەزگای نامرۆڤی ئەمن بوو...ئەو دەزگایە هەرکەسێ تووش بهاتایە بە هەڵەش بگیرابایە دەبوایە ئازار بدرێت گوایە دەبێ چاوترس بکرێت لێدانی دەخوارد دوایی دەیانگووت هەڵەیە...ئەو بارزانتکریتە ساڵی 1978 ویستی ئەیاد عەلاوی بکوژی ... ئەو بارزانتکریتە بە میلیون دۆلار پارەی عێراقی دزیووە و لووش داوە...ئەو بارزانتکریتیە کە باسی مافی مرۆڤایەتی دەکات و باسی ئینسانیەت بۆ ئەو سەرۆکانە دەکات و لێیان دەپاڕێتەوە لەژێر چاودێری ئەو گوند و لادێی کوردستان دەسوتێندرا و گەنجی کورد راپێچی گۆڕی بە کۆمەڵ و زیندەبەچاڵ دەکرا...ئەو کاتە ئەندامی هەر رێکخراوێک بکەوتبایە دەستیان دەبوایە لە سێدارە یا ئەشکەنجە بدرێ...بارزانتکریتی نیوبرای صەدام حسێن و ژنەکەی خوشکی ساجیدە خیراللە طلفاح ژنی صدام حسێن و کچەکەی کۆنەژنی عودەی کوڕی صدام حسێن لە ژنێف نوێنەری عێراق بوو لە ( UN ) بەڵام کاری سەرەکی سەرپەرشتی ئەمنی و جاسوسی بالیوزەکانی عێراقی دەکرد...ئێستاکەش لەو هەموو سەرۆکانە دەپاڕێتەوە لەبەر نەخۆشی ئازاد بکرێ و دادگا و دادوەری جیهان بۆ ئەو هەر لەژێر کەوش بێت با بە پاڕانەوەش بێت...دوعای من ئەوەیە کە ئەوانە لە سێدارە نەدرێن چونکە هەموو رۆژێک و هەموو چرکەیەکیان سێدارە و مردنە...جا بۆ هەر جارێک بێت و بەس...کەی بیریان دەکردەوە لە چوارچێوەی چواردیواری بچوک ژیان بەڕێ بکەن هەر بۆیە سەیری رەنگ و رویان بکەن سەیری پاڕانەوە و داواکاریان بکەن...ئێوە بڵێن ئامین دایکە دڵسۆز و خوشکە بەرێزەکانم...شەهیدانمان سەربەرزن و هەر بە سەربەرزی لەدڵی میللەتدا دەژین ئەمانەش بۆ زبڵدانی مێژوو.

فـــەهـــد گـــردەوانـــی 2005/10/27ستۆکهۆڵم